# گرنگی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ شیعەکان

03-02-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : بۆچوونێکی باو هەیە پێیوایە لە رژێمە پەرلەمانییەکاندا سەرۆکایەتی کۆمار زیاتر پۆستێکی تەشریفاتییە، ئەم لێکدانەوەیە لە شرۆڤەکانی پەیوەست بە رژێمی سیاسی عێراقدا زەقترە، بەتایبەت کە دەستور هیچ جۆرە ڤیتۆیەکی لەسەر یاساکان بە سەرۆککۆمار نەبەخشیوە.

**RRC |**

**یاسین تەها|**

بۆچوونێکی باو هەیە پێیوایە لە رژێمە پەرلەمانییەکاندا سەرۆکایەتی کۆمار زیاتر پۆستێکی تەشریفاتییە، ئەم لێکدانەوەیە لە شرۆڤەکانی پەیوەست بە رژێمی سیاسی عێراقدا زەقترە، بەتایبەت کە دەستور هیچ جۆرە ڤیتۆیەکی لەسەر یاساکان بە سەرۆککۆمار نەبەخشیوە. هەروەها رۆڵێکی بچوك و لاوەکیشی لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەماندا هەیە (مادەی 64ی دەستور)، لەڕووی کرداریشەوە لە خولی پێشووتردا پەرلەمان هەندێ یاسای دەردەکرد کە لەڕۆژی دەرچوونییەوە دەچووە بواری جێبەجێکردن، ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی واژۆ رۆتینییەکەی سەرۆ کۆمار لەسەر یاساکان پێویست نەبێت و ئەگەر تا 15 رۆژیش نەیکات، ئەوە یاساکە ئۆتۆماتیکی هەر بەدەرچوو دادەنرێت (مادەی 73ی دەستور برگەی دوو)، بەڵام لەپاش ساڵی 2010، کە شیعەکان لە بەرامبەر لیستەکەی عەلاوی (العراقیة) بۆ دوو بەرە دابەشبوون، مشتومڕێکی گەرمی یاسایی و سیاسی لەسەر دیاریکردنی "گەورەترین لیست" هاتە کایەوە کە دەستور کردوویەتی بە خاوەن مافی پێکهێنانی حکومەت (مادەی 76)، ئەمەش وایکرد پێگەی سەرۆکایەتی کۆمار لە دەستپێکی خولە پەرلەمانییەکاندا گرنگییەکی تایبەتی لای پێکهاتەی شیعە پەیدا بکات، چونکە واژۆی راسپاردن و مامەڵەکردن لەگەڵ "گەورەترین لیست" بەدەستی ئەوە، هەروەها جارێکی دیکە زەمینەی ئەوە نەما هەموو لایەنە شیعەکان هاوپەیمانییەکی یەکگرتووی گشتگیر پێکبهێنن وەك ئەوەی لە 2005 کردیان (لیستی 169).

لە 2014 کە نوری مالیکی لیستەکەی 92 کورسی و خۆیشی بەتەنیا لە بەغدا 721 هەزار دەنگی بەدەستهێنا، پێداگربوو لەسەر ئەوەی سەرۆکی پێشووتر د. فوئاد مەعسوم رایبسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت لە خولی سێیەمی سەرۆکایەتی وەزیران، بەڵام سەرۆککۆمار لەبەر رۆشنایی پێکهاتنی لایەنە شیعەکان لەسەر گۆڕینی مالیکی و ئامۆژگاری سیستانی بۆ گۆڕینی سەرۆکوەزیران، راسپاردنەکەی دواخست تا جێگرەوە ئامادەکرا و لە بری مالیکی حەیدەر عەبادیی راسپارد کە دواتر زۆرینەی شیعەکان و زۆرینەی پەرلەمانیش متمانەیان پێ بەخشی، بەمەش سەرۆکایەتی کۆمار رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەو گۆڕانکارییە سیاسییە و لەسەر ئەمەش، کەوتە بەر هێرش و هەڕەشەی سکاڵا تۆمارکردنی مالیکی لە دادگای فیدراڵی بەر لەوەی دواتر ملکەچ بکات بۆ "کودەتای سپی" ی ناو حیزبی دەعوە.

بایەخی پێگەی سەرۆککۆمار لە خولی رابردوودا (چوارەم) زیاتر لە هی پێش خۆی دەرکەوت. لەم خولەدا کۆی سیستمی سیاسی عێراق کەوتە بەر مەترسییەکی گەورە بەهۆی خۆپیشاندانەکانی تشرینی 2019، بۆ یەکەمجاریش لە مێژووی پرۆسەی سیاسی سەرۆکوەزیران ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرا (عادل عەبدولمەهدی)، جێگرەوە پێشنیارکراوەکەشی محەمەد عەلاوی نەیتوانی لە ماوەی 30 رۆژی دەستوریدا حکومەت پێکبهێنێت، لەم کاتەشەدا سەرۆککۆمار پشت ئەستوور بە بریارێکی یاسایی دادگای فیدراڵی (29 / 2020) مافی ئەوەی وەرگرت کە خۆی سەرپشك بێت لە راسپاردنی کەسایەتییەك بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش سەری گوریسەکەی لە دەستی هێزە شیعەکان دەرکرد و دەرگای کردەوە بۆ راسپاردنی عەدنان زورفی و دواتر مستەفا کازمی کە دوو کەسایەتیی بە رەگەز شیعەی بە ئاراستە مەدەنی بوون و، دووەمیان کە ئێستا دەستبەکارە، بوو بە یەکەم سەرۆکوەزیرانی عێراقی پاش 2003 لەدەرەوەی بازنەی "ئیسلامی سیاسی شیعە". بەشێك لە هۆکاری راسپاردنیشی لەپاش لێکەوتەی خۆپیشاندانەکانی تشرین بۆ دەسەڵات و یاریی سەرۆککۆماری ئێستا د. بەرهەم ساڵح دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا لایەنە شیعەکان لەسەر راسپاردنی ئەسعەد ئەلعیدانی پارێزگاری بەسرە پێداگربوون، ئەوکاتیش باوەڕێکی زاڵ هەبوو کە ناوبراو وەلائی و میلیشیاییە.

لەخولی نوێی ئێستا (پێنجەم) کە هێشتا مشتومڕەکان لەبارەی "گەورەترین لیست" یەکلایی نەبوونەتەوە و کێشەکە لە بێنەو بەردەی دادگای فیدراڵییە، جارێکیتر سەرۆکایەتی کۆمار بۆ دووبەرە رکابەرەکەی شیعە (سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی) گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەرکردنی فەرمانی راسپاردنی سەرۆکوەزیرانی لەدەستدایە بەمەرجێك لە "گەورەترین لیست" ی ناو پەرلەمان بێت (مادەی 76 ی دەستور). سەرۆکوەزیرانی راسپێردراویش 30 رۆژی لەبەردەستە بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، ئەگەر لەو ماوەیەش نەیتوانی، ئەوە بەگوێرەی بریاری دادگا دیاریکردنی راسپێردراوی دووەمیش مافی سەرۆك کۆمارە. ئەمە هەموو لە کاتێکدا چەقی ناکۆکییەکانی شیعە لەسەر حکومەتی داهاتوو لەسەر کەسایەتی سەرۆکوەزیرانە.

لە هەفتەی داهاتوو (7 شوبات) کە بڕیارە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەڕێوەبچێت، ئەگەر سەرۆککۆمار لەو زۆرینەیە بێت کە سەدرییەکان و هاوپەیمانی سیادە (سوننە) و پارتی کۆدەکاتەوە، ئەوا رۆڵی سەرەکی دەبێت لە پەسەندکردنی "گەورەترین لیستی" سەدرییەکان و دواتریش راسپاردنی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو، بەڵام ئەگەر سەرۆکوەزیران لە بەرەی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە دەربچێت ئەوا سەدرییەکان و هاوپەیمانییەکەیان کاریگەریی گەورە لەدەست دەدەن لە راسپاردنی سەرۆك وەزیران. ئەم کاریگەرییەی سەرۆکایەتی کۆماریش لە پرۆسەی ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیران وەها دەکات مشتومڕەکانی پەیوەست بە سەرۆکایەتی کۆمار لە کێشەیەکی ناوخۆیی

کوردییەوە کە خۆی بەخاوەنی پۆستەکە دەزانێت، بکاتە بەشێك لە ناکۆکیی شیعەکان لەبارەی شێواز و شوناسی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، هەر ئەمەش وادەکات پرسەکە رەهەندێکی گەورەتر لە پارتی و یەکێتی هەبێت و لایەنە شیعە و سوننە هاوپەیمانەکانیشیان پەیوەندیداربن بە ئینتیماو ئاراستە و کەسایەتی سەرۆك کۆماری داهاتوو. هەروەها رۆڵی سەرەکیشیان هەبێت لە یەکلاییکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە بەرژەوەندی ئەو ئاراستەیەی کە نوێنەرایەتی دەکەن.